# ڕێزلێنانی کتێبی کوردی

# لە دیدی ڕێزلێنراوان و نووسەرانەوە



✽ ڕۆشنبیران ئەو چینە هەستیارەی هەر میللەتێکن کە بە بەردەوامی کار بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەکەیان دەکەن و دەیانەوێت زمانی عەقڵ و ئامەز جێگەی دیاردە دزێوەکان بگرێتەوە بۆیە هەر ڕۆشنبیرێک لە ئاست خۆیەوە بە نووسین و هزری تێفکرینی خۆیەوە بەو ئاراستەیەدا هەنگاو دەنێت ئیدی هەنگاوەکەی لۆکاڵی بێت یان جیهانی.

مارکیز لە نووسین لە سەر ژیان و کۆمەڵگەکەی کۆلۆمبییەوە وبوبە نووسەرێکی جیهانی، بەواتایەکی دیکە زۆرجاران ڕێکدەکەوێت کەسێک بەهۆی نوسینێکەوە لە لۆکاڵەوە ببێتە جیهانی، ئەگەرچی تا ئێستا بەو شێوەیە لە ئەدەبی کوردیدا ئەوە ڕوینەداوە بەڵام ناکرێت چاوەڕوانی ئەو حاڵەتەش نەبین. بۆ ئەم زەمینە ڕەخساندنە پێویستمان بە فاکتەری کاری چاپ و بڵاوکردنەوە هەیە، لە کوردستاندا چەندین دەزگا و ناوەند وێڕای وەزارەتی ڕۆشنبیری زەمینەی چاپ و بڵاوکردنەوەیان ڕەخساندووە بۆ نووسەران. دەزگای ئاراس یەکێکە لەچالاکترین ئەو دەزگایانەی بە نەفەسێکی قەسیدەییەوە گەرەکیەتی ببێتە ئەو دەلاقەیە بۆ ئەوەی خۆری قەڵەمە بەبڕشتەکان لە دەلاقەی ئەوەوە تیشکەکانیان پەخشان و تەخشان بکەن و لەم بوارەشدا کارایانە هەنگاوی ناوە و پێشرەفتی کردووە و بە یەکێک لە دەزگا پڕکارەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی کوردی دەژمێردرێت و لە پێشەنگ و سەر دەستەکانیشە.

ڕۆژانی /١٢/٢٠٠٤ لە مەراسیمێکی قەشەنگدا لە ئوتێلی شیراتۆن لە هەولێری پایتەختدا و بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە ڕۆژشنبیرانی کورد لە ناوە و پارچەکانی تری کوردستان و دەرەوەدا ئاهەنگی ڕێزلێنانی بۆ چەند نووسەرێک سازکرد.

لەو ئاهەنگەدا ژمارەیەک نووسەر ئامادەبوون، بۆ چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی ئەم کارە و ڕەنگدانەوەی لە ناو نووسەراندا بیرو ڕای کۆمەڵێک لە بەشداربوانی ئەو مەراسیمەمان وەرگرت کە وێڕای پیرۆز نرخاندنی ئەم کارە هەریەک لەو بەڕێزانە بەم جۆرە بۆچونی خۆیان دەربڕی .

ڕاپۆرت/ نامق هەورامی – چنار نامق

*** دکتۆر مونزر فەزڵ:.**



شانازی بەو ڕێزلێنانەوە دەکەم و بەمیدالیایەکی بە نرخی دەزانم لەلایەن گەلی کوردەوە بەمن بەخشراوە، لە ڕاستیدا سەرسام و دڵخۆش بووم، بەو ڕێزلێنانە لەلایەن دەزگای ئاراسەوە بەمن درا، پێشتر دەزگای ئاراس چەند کتێبێکی بۆم چاپکردووە کە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەن لە سەر دۆزی کورد، داهاتووی عێراق وابەستەیە بەدان پێدانان بە دۆزی کورد و مافی چارەنووسی. بەشێک لەو لێکۆڵینەوانە لە سەر کەرکووک کراون، ئەوشارە بەشێکە لە هەرێمی کوردستان و دەبێت ئەو ڕاستییە لای هەمووان ئاشکرابێت.

ئەم ڕێزلێنانە وادەبینم ڕێزلێنانی گەلی کوردە بۆ نوسەرێکی عەرەب و ئەمەش ڕەهەندی زۆر و مانای گەورەی هەیە.

سلاوم بۆ گەلی کورد و سەرکردایەتی کورد بەتایبەتی بەڕێز سەرۆک بارزانی کە خاوەن حیکمەت و دڵفراوانی و لێبوردەییە سوپاس بۆ دەزگای ئاراس بۆ ئەوهەنگاوە پیرۆزە، پێویستە نووسەران لە ناوەوە و دەرەوە ڕێزیان لێبگیرێت بۆ ئەوەی هاندەریان بێت بۆ گوتنی ڕاستی و دڵسۆزی، جێگەی دڵخۆشییە ئەمڕۆ گرووپ و ڕێکخراوی جیاجیا لە نێو نووسەرانی عەرەبدا دروست بووە بۆ پشتیوانی لە گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی چونکە پێشتر ناحالی بونێک لە دۆزی کورد هەبوو بەلام ئەمڕۆ ئاسۆکان ڕونترن و گەلی کوردیش گەلێکی مەزنە و لەناو ناچێت، گەلی کورد بەشێکە لەنەتەوەیەکی ڕەسەن و دێرین کە شەیدای ئازادی و سەربەخۆییە و لەو پێناوەدا زۆر هەوڵی داوە .

*** حەمە سەعید حەسەن نووسەر و ڕەخنەگر:.** لە ڕاستیدا ئەم فیستیڤاڵە کە بۆ ئەم ڕێزلێنانە سازکرا دیاردەیەکی شارستانییە، کارێکی زۆر سەرکەوتووانە بوو، هیوادارم دەزگاکانی تری چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاو لە دەزگای ئاراس بکەن، لەوڵاتانی دنیادا بەردەوام نووسەران و ڕۆشنبیران خەڵات دەکرێت، ئەوە هاندانێکی باشە بۆ ڕۆشنبیران و نووسەرانی تازەش کە تێبکۆشن و بەرهەمی تازە پێشکەش بکەن، خاڵێکی تری گرنگی ئەم ڕێزلێنانە ئەوەیە کە نووسەران هەست دەکەن کەسانێک هەن بەچاوی بایەخەوە سەرنجی کارەکانی دەدەن، من بەشبەحاڵی خۆم دڵخۆش بووم بەوەی ئەو دەزگایە بە چاوی بایەخەوە کارەکانی منی هەڵسەنگاندووە و ڕێزیان لێناوم.



*** مەهاباد قەرەداغی– شاعیر و نووسەر:.**



ئەم هەنگاوەی دەزگای ئاراس بۆ ڕێزلێنان لە کۆمەڵێک نووسەر وەک ئەوەی لە لەزۆرێک وڵاتی جیهاندا هەیە بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤی دەزانم، یەکێک لە کارەکانی تری ئەم فیستیڤاڵە کۆ کردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی نوسەران بوو لە گشت پارچەکانی کوردستانەوە و نووسەرانی دەرەوەی وڵاتیش کە ئەمەش زەمینەیەک دەرەخسێنێ بۆ زیاتر لێک نزیک بوونەوە، خاڵێکی زۆر گەشی بەلای منەوە لەبیرنەکردنی ژنان بوو لەو ڕێزلێنانەدا خانمێک خەلات کرا کە خاوەنی چەندین کتێب و نووسینە و ئەمەش بە خاڵێکی دەسپێشخەری لە ئاراس دەبینم و خوازیارم لە بۆنە و یادەکاندا ژنانی داهێنەر لە بیر نەکەن، ڕاستە ژنان لە بوارەکەدا کەمن بەلام ئەوانەی کە کاری ڕۆشنبیری دەکەن زۆر چالاک و باوەڕ بەخۆبوون ئەگەر لەم ڕێوە ڕەسمانەدا، بە هەر جۆرێک ژنان لە بیرکران دەبێت بێدەنگ نەبن و قسەی لە سەر بکەن. ئەم هەنگاوە پیرۆزە و دەبێت لە داهاتوودا کاری وردتری بۆ بکرێت،

*** کامبیز کەریمی :. نووسەر لە کوردستانی ڕۆژهەلات** دەزگای ئاراس یەکێکە لە دەزگا گەورە و باشەکانی چاپەمەنی و لێرەوە من ماندو نەبونییان لێدەکەم. سەبارەت بەڕێزلێنان لە نووسەر و ڕۆشنبیرانیشمان وەک ئەوەی دەزگای ئاراس ئەنجامیدا، واتە ئێمەی کورد گەشتوینەتە ئەو قۆناغەی ڕێزی ڕۆشنبیر و نووسەرانمان بگرین، ئەو بەڕێزانەش ڕێزیان لێگیراوە هەموویان شایستەن و سالانێکە لە بواری فەرهەنگ و نووسیندا کاریان کردووە، درێژەدان بەم کارە لە داهاتوودا جوانتر و کاملتری دەکات و دوبارە دەستخۆشی لە ئاراس و هەنگاوەکانی دەکەم.



*** عومەر فارس:. بەڕێوەبەری ماڵپەڕی کوردستان نێت.**

ئەم هەنگاوە و ئەم کارەی ئاراس لە جێگەی خۆیدایە کورد

کەمجار بیری لەم جۆرە کارانە کردووەتە و هیوادارم ئەمە ببێتە سەرەتایەک بۆ ئەوەی کاری جوانتر و باشتری بەدوادا بێت، بەگشتی کارێکە مایەی شانازییە بۆ دەزگای ئاراس بە تایبەتی دیاری کردنی ژمارەیەکی کەم لە نێو ئەو نووسەرە داهێنەرانەی کوردا کاری ورد و سەلیقەی دەوێت، خاڵێک زۆر گرنگ بوو دەبوایە



لە بیر نەکرایە ئەویش نەوەی تازەن و ئەو نەوەیە پێویستە ڕێز لە کارو نووسینەکانیان بگیرێت، بەداخەوە لەم ڕێزلێنانەدا تەنها گەنجێکی تێدا نەبوو، یەکێکی تر لەو خاڵانەی دەبوایە ڕەچاو بکرایە زیادکردنی ڕێژەی ژنان بوو، پێم وایە لە ژنێک زیاتر خەڵات بکرایە چونکە لە نێو کوردا کۆمەڵێک قەڵەمی بە بڕشی ژنانمان هەن شایەنی ڕێزلێگرتنن، خاڵێکی تر کە مایەی بیرخستنەوەیە ئەویش ئەوەیە بەش بەحاڵی خۆم ئەگەر ئەندامی ئەو لیژنەیە بومایە، (ئیسماعیل بێشکچی)م لە بیر نەدەکرد ئەگەر وەک ناویش بوایە، ئەمانە چەند بیرهێنانەوەیەک بوون بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە بەرچاو بگیرێت.

دوبارە پیرۆزبایی لە دەزگای ئاراس دەکەم و کارەکەیان بەرز دەنرخێنم .

*** هیوا قادر:** پێم وایە هەموو میللەتێک پایەکانی شانازی خۆی لە سەر لایەنە



کلتورییەکان بنیات دەنێت، ئەم کارانەی دەزگای ئاراس جێگەی ئەوەیە دەستخۆشیان لێبکەین، دەزگای ئاراس یەکێکە لەو دەزگایانەی چەندەها کتێبی نایابی چاپکردووە، نووسەرێکی ناودار دەڵێت:(ئەم دنیایەی ئێمەی تێدا دەژین دوو جوگرافیای هەیە، جوگرافیاییەکان لەسەر نەخشەیە و جوگرافیاکەی تریان لە ناوکتێبدا دەبینین)



هەتا کتێبێک زیاتر چاپ بکرێت ئێمە سنوری جوگرافیاکەمان زیاتر دەبێت، لەگەڵ چاپی هەر کتێبێکدا هەنگاوێک بەرەو مەدەنییەت دەنێین، ئەم کارانەی دەزگای ئاراس جێگەی دڵخۆش و دەستخۆشین، هیوادارم ئەم بۆنەیە بەردەوامبێت و تێفکرینی حزبی تێکەڵ بە هەڵبژاردن و دیاری کردنی نووسەرەکان نەبێت بۆ ڕێز لێنانیان .

*** ئەحمەد بەحری:. خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری مەهاباد.**

ڕێزگرتن لە هەرکارێکی باش لە ئاییندەدا دەنگدانەوەی گەورەی دەبێت، چاپکردنی کتێبیش لە کوردستاندا وەک بەرچاو دەکەوێت کارێکی پڕ بایەخەو داهاتووی گەشی دەبێت لە ڕووی کەلتوور و فەرهەنگی کوردەوە، دەزگای ئاراس لەو نێوەندەدا کارەکانی دیارن و ژمارەیەکی زۆرکتێبی چاپ کردوون بۆ نووسەرانی کوردستان لە پارچەکانی ترو دەرەوەش کە ئەمە مایەی پێزانین و ڕێزە

ئەم هەنگاوەی دەزگای ئاراس بۆ ڕۆشنبیران وێرای بایەخی ڕێزگرتنەکە کۆبونەوەیەکی گەورەی نووسەران بوو بۆ یەکتر ناسین و گفتوگۆی فەرهەنگی، ئەم کارە خۆی لە خۆیدا بەشێکە لە مەدەنییەت و گفتوگۆی مۆدێرن و لە کوردستاندا دەزگای ئاراس بەم کارە هەستاوە، دەبوایە خەڵکێکی زیاتر لە چین و توێژەکان بانگێشت بکرێت و ڕێژەی ئافرەتان زیاتر بوایە چ وەک داوەت و چ وەک ڕێزلێنان چونکە ژمارەی ئافرەت کەمن لەدانیشتنەکاندا لە کاتێکدا قەڵەمی ژنان زۆرتر بەر چاوە و ژنی ڕۆشنبیرمان زۆرن.■

